**کۆبوونەوەی ساڵانەی ڕێکخراوی مرۆڤدۆستانی کوردستان (ڕ. م. ک) 2005 و هێندێک لەچالاکییەکانی!**

دەستەی بەڕێوەبەرایەتیی ڕێکخراوی مرۆڤدۆستانی کوردستان بە بەشداریی زۆرینەی ئەندامانی ڕێکخراوەکە لە دوو دانیشتندا، ڕۆژی 07-10-2005 و 14-01-2006 کۆبوونەوەی ساڵانەی خۆی بەست و بەرنامەی داهاتووی خۆی تاوتوێ کرد.

لە کۆبوونەوەکاندا، ڕەوشی پێشتر و ئیستا و داهاتووی ڕێکخراوەکە و ئەو چالاکییانەی ڕێکخراوەکە بۆ خزمەتکردنی هەژارانی کوردستان پێیان هەڵدەستێت، هەڵسەنگێندران و جگە لە بۆچوونی بەشداربووان سەبارەت بەو چالاکییانەی لە ئەنجامی نزیک سێ ساڵ تێپەڕبوون بەسەر دامەزراندنی ڕێکخراوەکەدا ئەنجام دراون و ئەو کۆمەکانەی پێشکەش کراون، باس لە ئابووریی ڕێکخراوەکە کرا و لەسەر داوای دەستەی بەڕێوەبەری پێشوو دەستەیەکی نوێ بۆ بەڕێوەبەرایەتیی داهاتووی ڕێکخراوەکە لەسەر بەرنامەکانی پێشووی خۆی هەڵبژێردران.

ڕێکخراوی مرۆڤدۆستانی کوردستان لە ماوەی سێ ساڵی کارکردنیدا، توانیی ببێتە خاوەن کۆمەڵێک ئەندامی چالاک و مرۆڤدۆست لە ناوەوە و دەرەوەی کوردستان. هەر لەو ڕێگەیەوە چەندین چاوپێکەوتنی لەگەڵ ڕۆژنامە سەرەکییەکان و ڕادیۆی سویددا ئەنجام دا و هەروەها بە بەشداریی هێندێک هونەرمەندی بەڕێز وەک **(قادر ئەلیاسی، خێرۆ مەلا، تارا ڕەسووڵ، پێوەند جاف، مراد کاوە، دیلمان و هونەرمەندی سوێدی بیۆرن هاگێل) و موسیکژەنانی بەڕێز** دوو ئاهەنگی لە شاری ئۆرێبرۆی سوێد گێڕا.

مایەی خۆشحاڵییە کە لەو ماوەیەدا، ڕێکخراوەکە توانیی یارمەتیی کۆمەڵێک منداڵی بێ دایک و باوک و کەمئەندام و ژنانی پێویست بە یارمەتی و هەژارانی تری کوردستان بدات لە ئۆردووگای دارەتوو و بنەسڵاوە و شارۆچکەی هیران و هێندێک لە ئاوارەکانی کەرکووک و ئۆردووگای ئاڵتاش (کە کوردە ئاوارەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان ژیانێکی سەختیان تێدا بەسەردەبرد) و ئاواییی قەرەتووغان، کانی کوردە، ئۆردووگای کەورکۆزک، شارۆچکەی کفری و هێندێک منداڵ لە دێهاتەکانی تر، هەروەها ساڵی 2004 بە کردنەوەی پرۆژەیەک بۆ فێربوونی زمانی ئینگلیزی و گوتنەوەی وانەی دیموکراتی لەگەڵ "سێڤهۆڵد"ی سوێدی کە بۆ ڕێکخراوی مرۆڤدۆستانی کوردستان 3.000 دۆلاری ئەمریکیی تێچوو و بە ناردنی ئەو پارەیەش کە بە ڕێکەوتن لەگەڵ حکوومەتی هەرێم|ئیدارەی سلێمانی بەڕێز **(حاکم سابیر)** لە شارۆچکەی تەقتەق ئەنجام درا (لە خوارەوە ئەو بەڵگەیە بڵاودەکرێتەوە)، ئەوەش توانیی کاریگەریی خۆی لە شوێنەکە و ناوچەکەدا بنوێنێ.

لەو پرۆژەیەدا کە بە بڕوای هەمووان و بە تایبەتی خەڵکی سەرپەرشتیار لە پرۆژە و ناوچەکە، ئەو هەنگاوە سەرکەوتنێکی باشی بەدەست هێنا و بووە هۆی ئەوەی ئەو جۆرە داوایانە زیاتر بن بۆ ئەنجامدانی پرۆژەی زیاتری لەو شێوەیە. ئەوە بوو لەوێدا کۆمەڵێک خوێندکار تێدا بەشدار بوون و تا کۆتاییەکەی بە خۆشییەوە بەردەوام بوون. ئەوەش بووە هۆی ئەوەی ڕ. م. ک. بە گوێرەی ئەو بارە ئابوورییەی کە لە داهاتوودا بەدەستی دەهێنێ، بیر لە پرۆژەی زۆرتری لەو شێوەیە لە ناوچە جیاجیاکانی کوردستان بکاتەوە، کە لە داهاتوودا دەستبەکار دەبن.

- لە مانگی 12ی ساڵی 2005دا، ڕێکخراوی مرۆڤدۆستانی کوردستان (ڕ. م. ک) بەپێی داوەتنامەیەک لەلایەن (سێڤهۆلد)ی سوێدییەوە، بە ناردنی چەند ئەندامێک لە کۆبوونەوەی ساڵانەی (سێڤهۆلد)دا بەشدار بوو. لەو کۆبوونەوەیەدا باس لە باری خراپی خەڵکی کوردستان بە گشتی کرا، کە باشووری کوردستان لە پاش چەندین ساڵ شەڕی سەپێنراو بەسەریدا و کولتووری زاڵ، بووە بە

هۆی ئەوەی سەرتاپای ژینگە لەو ولاتەدا ویران بێت و بە هۆی ئەوەش مالوێرانی رووی لە خەلکی هەموو ناوچەکان کردووە و پێویستیی بە خێراییی ئاوڕدانەوە هەیە. شایانی باسە کە (سێڤهۆلد) زۆر دۆستانە بەو جۆرە رەوشانە و بە تێڕوانینێکی مرۆڤانە و ژیرانەوە لە بۆچوونەکانیان ڕوانی و ئامادەییی خۆیان بەپێی پێویست بۆ کارەکانی ڕ. م. ک ڤیشان دا.

- لە ماوەی سالی 2004 و 2005دا، ڕ. م. ک. بە ناردنی دوو دەستە لە ئەندامانی خۆی توانیی بەشداری لەو کۆرسانە بکات کە سەنتەری "پالمە" لە ستۆکهۆلمی پایتەختی سوێد بۆ گەشەپێدانی دیموکراتی و ئاوەدانکردنەوە لە عێراق و کوردستان، بۆ ڕێکخراو و کۆمەلەکانی کردەوە. ئەگەری ئەوەش هەیە کە ئەو بەشداریکردنە ببێتە هۆی ئەوەی ڕ. م. ک بتوانێ لەگەل ئەواندا خزمەتێکی بالاتر لە شێوەی پرۆژەی گەورەتر بە خەلکی کوردستان بکات.

دەستەی بەڕێوەبەری نوێ کە لە 14-01-2006 ەوە دەستبەکار دەبن، بریتین لەم بەڕێزانە:

**1- نافیع عەلی: سەرۆک**

**2- سەعدوللا کەرامی: جێگری یەکەم**

**3- ژیان شەریف: جێگری دووەم**

**4- پێتەر گروپمان: ئەندامی یەدەك**

**5- ئەشرەف ئەلیاسی: ئەندامی یەدەك**

**6- سەلام حوسێن: بەرپرسی بەشی ئابووری**

**7- ڤیان شەریف: سکرتێر**

هەروەها لەو دانیشتنەدا بەشی گەنجان کرایەوە کە ئەم گەنجانەی خوارەوە سەرپەرشتیی دەکەن:

**"ڕەوەند، ژیلە و ئالا"**

لە ماوەی سالی -2005دا، دەستەی بەڕێوەبەری نوێ بەپێی پەیڕەو و پرۆگرامی ڕ. م. ك کار دەکات بۆ وەدەستهێنانی ئەندامی نوێ و درێژەدان بەو خزمەتانەی ڕێکخراوەکە پێشتر پێیان هەستاوە بۆ ڕێزلێنان لە مندالانی بێ دایک و باوک و کەمئەندامان و ژنانی پێویست بە یارمەتی و هەروەها، هەولدان بۆ سەرخستنی ئەو پرۆژانەی ڕێکخراوەکە پێشتر کاری بۆ کردووە و لە بەرنامەیدایە کە بە پشتیوانیی "پالمە سەنتەر" لە ناوچە جیاجیاکانی باشووری ولات ئەنجامیان بدات.

هەروەها ئەو خالانای خوارەوەش هاتنە بەر باس و بڕیاریان لەسەر درا:

- هەموو کەسێك بۆی هەیە ببێت بە ئەندام لە ڕێکخراوەکەدا، بە مەرجێك بەپێی پەیڕە و پرۆگرامی ڕێکخراوەکە کار بکات و نرخی ئەندامێتیی خۆی لە کاتی خۆیدا بدات.
- نرخی ئەندامێتی. گەورەسال: -150- کرۆنی سوێدی، گەنج: -50-
- بۆ هەموو خێزانەکە: 250، هەموو خێزانەکە (گەنج): 150-

**دەربارەی ئەو یارمەتییانەی ڕێکخراوی مرۆڤدۆستانی کوردستان -RMK-**
**بەپێی پەیڕەو و پرۆگرامەکەی پێشکەشی کردوون و بەردەوامییان پێ دەدات**

ڕ. م. ك. کە نزیکەی -3-ساڵە لە لایەن چەند مرۆڤێکی دڵسۆزی کورد و سویدییەوە دامەزرا بە مەبەستی پشتیوانیی منداڵان و نەداران و پێویستبووانی تری کۆمەڵگەی کوردەواری و ئێستا خۆی لە ئەندامێکی زۆردا دەبینێتەوە، توانیی ئەم هەنگاوانەی خوارەوە بنیت و لە داهاتووشدا هەر بەو شێوەیە بەردەوام دەبێ:

دوو خاڵ:

- ئێمە وەکوو دەستەی بەڕێوەبەر وامان پێ باشە کە هەر کۆمەکێك پێشکەش بکەین، بۆ ڕای گشتیی ڕابگەیەنین"
- هەر کەسێك یارمەتیی بدرێت، دەبێ بە ئاگاداری و نامە و مۆری دوکتۆر، یاخود مامۆستای خوێندنگەی نزیکترین شوێنی ناوچەکەوە بێت.

ئەو برە یارمەتییانەی لە ماوەی پێشوودا پێشکەش کراون:-

ئەو برە یارمەتییانەی لە ماوەی پێشوودا پێشکەش کراون:-

1- لە مانگی -8ی ساڵی -2003دا، دابەشکردنی -700- دۆلار بەسەر شەش منداڵی کەمئەندام و خانەوادەی بێکەس لە خوارووی کوردستان شارەکانی: **کەلار، کفری، گەڕەکی بەهار\هەولێر و کانی کوردە-قەرەتۆغان\سلێمانی و، سێ نەشتەرگەری بۆ دوو کەسی زۆر ناچار لە ئۆردووگای -کەورکۆزك-.**

2- لە مانگی -1ی ساڵی -2004دا، دابەشکردنی -450- دۆلار بەسەر -14- خانەوادەی هەژاری ڕۆژهەڵاتی کوردستان کە لە **ئۆردووگای ڕومادی\عێراق** ژیانێکی سەخت بەسەر دەبەن.

3- لە مانگی -1ی ساڵی -2004دا، دابەشکردنی -550- دۆلار بەسەر -16- منداڵی کەمئەندام و خانەوادەی بێکەس لە **ئۆردووگای بنەسڵاوە/هەولێر** خوارووی کوردستان.

4- لە مانگی -6ی ساڵی -2004دا، ناردنی -150- دۆلار بۆ منداڵێکی نەخۆش لە **هەولێر** بۆ ئەنجامدانی نەشتەرگەری.

5- لە مانگی -7ی ساڵی -2004دا، ناردنی -3000- دۆلار بۆ ئەنجامدانی **پرۆژەی تەقتەق** لە خوارووی کوردستان.

6- لە مانگی -9ی ساڵی -2004دا، دابەشکردنی -300- دۆلار بەسەر منداڵانی کەمئەندام و خانەوادەی بێکەس لە **ئۆردووگای دارەتوو/هەولێر** خوارووی کوردستان.

7- لە مانگی -9ی ساڵی -2004دا، ناردنی -50- دۆلار بۆ منداڵێکی کەمئەندام لە **زێرینۆک/سلێمانی** خوارووی کوردستان.

8- لە مانگی -3ی ساڵی -2005دا، دابەشکردنی -5850- کرۆنی سوێدی بەسەر کەمئەندام و خانەوادەی بێکەسی **ئۆردووگای ئاڵتاش (کوردەکانی رۆژهەلات)** لە خواروی کوردستان.

9- لە مانگی -6ی ساڵی -2005دا، دابەشکردنی -10.500- کرۆنی سوێدی بەسەر منداڵان و کەمئەندام و خانەوادەی بێکەس لە خواروی کوردستان **ئۆردووگای بنەسڵاوە و شارۆچکەی هیران**.

10- لە مانگی -10ی ساڵی -2005دا، دابەشکردنی -1500- کرۆنی سوێدی بەسەر منداڵی کەمئەندام و خانەوادەی بێکەس لە **شارۆچکەی هیران** خواروی کوردستان.

11- لە مانگی -12ی ساڵی -2005دا، دابەشکردنی -4300- کرۆنی سوێدی بەسەر منداڵی کەمئەندام و خانەوادەی بێکەس لە **ئۆردووگای ئاڵتاش** خواروی کوردستان.

ئەوانە و بێجگە لەو یارمەتییە مرۆییانەی ر. م. ک. پێیان هەستاوە وەک 200 کرۆنی سوێدی بۆ خاکلەرزینەکەی پاکستان و 100 دۆلار بۆ خانەودەی ئەندامێکی رێکخراوەکە لە کوردستان کە بە داخەوە ساڵی پار بە نەخۆشی گیانی لەدەست دا.

کۆی ئەو یارمەتییانەی ر. م. ک. دابەشی کردوون، بریتین لە: 5300 دۆلار و 22350 کرۆنی سوێدی

**تێبینی: تەواوی بەڵگەنامەکان لەسەر هەموو ئەوانەی یارمەتییان لە ر. م. ک. وەرگرتووە و ئەوانەی بە ئەرک و ماندووبوونەکان هەڵساون، لە ئارکیڤی رێکخراوەکەدا پارێزراون و هێندێکیشیان لەسەر CD تۆمار کراون کە وێنە و باری ژیانی هەژارەکان پێشان دەدات.**

بەو ئومێدەی ر. م. ک بتوانێ لە داهاتوودا کۆمەکی زیاتر بە هەژارانی کوردستان بکات.

بڕێک لەو چالاکی و بەڵگەنامانەی لە ماوەی ڕابووردوودا ڕ. م. ک. پێیان هەڵساوە، (بێجگە لەو چاوپێکەوتنە ڕۆژنامەیی و ڕادیۆییانەی ئەنجام دراون):

پڕۆژەی شارۆچکەی تەقتەق:

# *Proposal For Opening A Training Course*

This agreement has been held between **Kurdistan Regional Government** and **RMK Organization** for opening a training course for Taq Taq children in order to enhance and strengthen their English Language. It worth to be mentioned that the budget of the course will be allocated by **RMK**.

**Location** : Taq Taq town (it is located in Koysinjaq District, its population is approximately 75,000 persons).

## Background:

The inhabitants of Taq Taq town as most of the other towns and villages in Kurdistan were deprived from many cultural, social and educational activities ...etc. They had a share from the Old Iraqi Regime Campaign for oppression and tyranny consequently causes poverty, illiteracy of their people especially the children, unemployment and lack of social welfare. Now there are a group of children who are in an urgent need of particular services in order to raise their economic and education level, they estimated to be around 40 children.

**Target:** Raising the children education level by opening training course for English Language.

**Duration of the Training Course:** 2 Months.

**Number of Participant Children:** 40 Children

**Number of English Language Teachers:** 4 Teachers

**Number of Accountant:** 1 Person

**A bus for transporting children to the training course and back:** 1 Bus.

**Number of Cleaners:** 2 Persons

## Required Amount:

| Required Amount for Each Staff | | Cost (ID) |
|---|---|---|
| 30,000 ID/Pupil | 40 Children x 30,000 ID = 1,200,000 ID/Month | |
| Subtotal | 1,200,000 ID x 2 Months = | 2,400,000 ID |
| | | |
| 150,000/Teacher | 4 Teachers x 150,000 ID = 600,000 ID/Month | |
| Subtotal | 600,000 ID x 2 Months = | 1,200,000 ID |
| | | |
| 75,000 ID for the Accountant | 1 Accountant x 75,000 ID = 75,000 ID/Month | |
| Subtotal | 75,000 ID x 2 Months = | 150,000 ID |
| | | |
| Renting Bus | 450,000 ID/Month | |
| Subtotal | 450,000 ID x 2 Months = | 900,000 ID |
| | | |
| 50,000 ID/Cleaner | 2 Cleaners x 50,000 ID = 100,000 ID/Month | |
| Subtotal | 100,000 ID x 2 Months = | 200,000 ID |
| **Grand Total** | | **4,850,000 ID** |

## Participation of Ministry of Labor & Social Affairs:

1. Preparing the school building during holiday for the training course.
2. Providing all necessary stationeries for the course.
3. Following up and supervising the training course.
4. Insuring all other facilities required.

**RMK Organization:**

**Signature:** Sirwan

**Date:** 03.06.2004

**Kurdistan Regional Government**
**Ministry of Labor & Social Affairs**
**Sabir Ismael Hamad/ Deputy Ministry**

**Signature:**

**Date:**

Teqteq Prijekt startade av RMK 1



Teqteq Prijekt startade av RMK 2



Teqteq Prijekt startade av RMK 3



Teqteq Prijekt startade av RMK 4



Teqteq Prijekt startade av RMK 5

ئیمزای کۆمەڵێك دوکتۆر بۆ منداڵێکی نەخۆش (بۆ ئەنجامدانی نەشتەرگەری) کە یارمەتیی لە ڕ.م.ک وەرگرتووە

MINISTRY OF HEALTH & SOCIAL AFFAIRS
SPECIALIZED MEDICAL COMMITTEE OF TREATMENT OUTSIDE IRAQ

*Ref:* 7
*Date:* 21 / 4 /2003



## Subject: Medical Report

Referring to the ministerial orders no. **(1300)** dated **(23/12/2002)**; the specialized medical committee of treatment outside Iraq has conducted the meeting on **(17/4/2003)**.

The committee has examined Child. **(Ali Kermanj Noraddin)**, who is suffering from **(Ventricular Septal defect)** and has recommended the treatment abroad.

| | | |
|---|---|---|
| *Dr. Abdulkader M. Zangana*<br>Consultant Surgeon<br>Head | *Dr. Yousif R. Mohamed*<br>Orthopaedic Surgeon<br>Member | *Dr. Aso I. Jalezada*<br>E.N.T. Surgeon<br>Member |
| *Dr. Tarik Abdulkareem*<br>Internist<br>Member | *Dr. Athman H. Jaf*<br>Ophthalmologist<br>Member | *Dr. Zahida H. Saheed*<br>Gynecologist<br>Member |
| *Dr. Subhi D. Al-Yakobi*<br>Ministry Representative<br>Member | *Dr. Jamal M. Zaki*<br>Pediatrician<br>Member | *Mr. Najat Kh. Hamad*<br>Committee Secretary |

I certify the Medical Committee Resolution
***The Minister***

بەشێک لەو منداڵ و کەمئەندامانەی لە ساڵی 2003 وە لە ڕمک-ەوە کۆمەکیان پێ کراوە: نامەی 1
ئومێد ئەبوبەکر موحەممەد و ئاوات ئەبوبەکر موحەممەد: دوو منداڵی هەژارن لە "قەرەتۆغان/سلێمانی". باوک و دایکیان نەماون. داپیرەیان بەخێویان دەکات.





سوپاسی ڕێکخراوی مرۆڤ دۆستانی
کوردستان دەکەین و هیوادارین
بەردەوام بن لەم کارە خێرییە و مرۆڤ
دۆستانەدا

لە ڕێگەی ئێوەوە بڕی «١٦٢٥٠» دینار
درا بە محمود عبداللە

تێبینی / ١٠ دۆلار = ٦٢٥ دیناری سویسری

کوێخا

شاهید

موراد محمد ...

نوێنەری گەڕەک ...

ئەنجومەنی گوندی قەرەتوغان

... قەرەتوغان ی
عەربەت
ڕۆژ ١٥ / ٧ / ٢٠٠٣

محمد ...

تۆحید ئەبوبکر محمد ١٦ 1978
کاوان = = 1985
~~٦ سەرەتایی~~
٥ سەرەتایی

سەروکی ئەنجومەنی قەرەتۆغان

محمد مەردان KaraToxan

١- دوو منداڵەکە چاوکێ دایکیان ئەماوە باوکیان کوژراوە و دایکیان بە نەخۆشی مردووە.

٢- ئەمانە لە قەرەتۆغان دەژیان نزیک سولەیمانی

٣- لە ڕێگای مصور کاردۆوە ئەم فەقیرانەم دۆزیەوە
مصور کاردۆ
شارع مولوی / سلیمانی

٤- رئیس ئەنجومەنی قەرەتۆغان کە ناوی (محمد مردان) کاغەزی نوسیوە و مۆری لێ داوە بە ئامادەبوونی ئەم پارەکە درا بە منداڵەکان لەگەڵ شاهد ئەوە لە کە ناوی مصور کاردۆیە

ئەو منداڵ و کەمئەندامانەی ساڵی 2003 لە ڕمک-ەوە کۆمەکیان پێ کراوە:

نامەی 2

هێرش ئەبدوڵڵا: خەڵکی کانی کوردە/سلێمانی.




ناوی عبدالله محمد رشید

خەلکی کانی کوردەیە/سولیمانی/ نزیک مزگەوتەکە

کاتێ سەرما تووشی گرانەتا بووە

٦ برا و چوار خوشک

ئەم فەقیرە لەسەر جادە دەروزەی

دەکرد دو جار بینیم و پارەم تێم دا

رەسمم گرت.

ئەو منداڵ و کەمئەندامانەی ساڵی 2003 لە ڕمک-ەوە کۆمەکیان پێ کراوە:

نامەی 3

~~اسماعیل~~ جواد صوفی ۲۰۰۵/۱/

اسماعیل عمر سعدون کۆچی دوایی کرد ۲۰۰۵/۲/

خێزان کافی ناسق

۷ منداڵ (۳ کوڕ چوار کچ)

کوڕ
محمد
عمر
ابراهیم

دایکیان
سلطان ابراهیم

کچ
نیگار
الهام
اریان
سمیە

عنوان
هەولێر
حیا بەحار
نزیك مزگەوتی شیخ محمد
سەرەتای تیکەڵی هەلکەوت

ئەو منداڵ و کەمئەندامانەی ساڵی 2003 لە ڕمک-ەوە کۆمەکیان پێ کراوە:

نامەی 4

عەباس ئیسماعیل: خەڵکی شاری کفری. باوکیان نەماوە و زۆر هەژارن.










هێندێک وێنەی ئۆردووگای ئاڵتاش:










THANK
FOR
R.M.K















**RMK** **postal giro account number:** 206022-6








**RMK** **postal giro account number:** 206022-6